# شاری کەرکوک

## وەرەقەیەکی تری سات و سەودای ناسیۆنالیزمی کورد لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا



سامان ئەحمەد

2005 / 1 / 16

سەرەنجام تاڵەبانی و نێچیرەوان بە نامەی بەڵێن و پابەندی یاوەر و عەلاوی بە جێ بەجێ کردنی مادەی 58 یاسای ئیدارەی کاتی و زیادکردنی بودجەی حکومەتەکانیان بۆ 17 ٪ گەڕانەوە بۆ کوردستان ، ڕایانگەیاند کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوک دەکەن .

بەدەر لەوەی کە مادەی 58 ژێلەمۆی ژێر خۆڵەمێشی ئاگر و شەڕی قەومی یە لە شاری کەرکوک دا و مەبەستی یەکێتی وپارتی لەو بڕیارە نفوز و دەسەڵات و سەرمایەی زیاتری خۆیانە. ئەوەش کە ئەم سیاسەت و ئامانجەیان لە تۆپەڵێك زاراوەی وەهمی و ئیحساس ئامێزی نەتەوەپەرستانە و فرمێسکی درۆیینە بۆ ئاوارەکان پێچابووەوە ڕۆشن بووەوە کە ئەو هەموو بەزم و هەراو زەنایە بە نامەیەکی یاوەر و عەلاوی و بڕێك سەرمایە قەبڵێنراوە .

ئەم سات و سەودایە بە شاری کەرکوکەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا ناوەرۆکی پووچی ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنە هەرچی زیاتر ڕۆشن دەکاتەوە کە چۆن پێشتر ئەم هێزانە بە تەوافوق و سات و سەودا کردن تەنانەت کورسی بەش کردن و سەرمایە دابەشکردن هەموو شتێك دەبڕێننەوە ئەوەی دەمێنێتەوە پەنجەمۆری خەڵك بنێن بە سات و سەودا و مامەڵەکانیانەوە کە ژیان و چارەنووشی چەندین ملیۆن ئینسانی پێوە گرێ دراوە .

ئەم سیناریۆی کەرکوک و 17٪ ی بودجەیە بە ئاشکرا ئەوە بەیان دەکات کە ئەم هەڵبژاردنە تەنانەت هەڵبژاردنی خەڵك نی یە لە نێوان خراپ و خراپتر و خراپترین دا ، بەڵکو ڕاستەوخۆ سیناریۆیەکە بۆ شەرعیەت دان بە تەوافوقات و سات و سەودای پێشتری هێزە قەومی و ئیسلامیەکانی عێراق و کوردستان لەسەر بەشی دەسەڵات و سەرمایەکانیان بە دوور لە ئیرادەی خەڵك ، ئەمە هەڵبژاردن نی یە بەڵکو سیناریۆی دەستکۆتاکردنی خەڵکە. ئەمڕۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا نەك هەلومەرجێکی سیاسی و ئەمنی لە ئارادا نی یە ، تەنانەت وەکو هەڵبژاردنە تەقلیدیەکانیش حزبەکان و بەرنامەکانیان لە ئارادا نین تا خەڵك لە نێوان باش و خراپیان دا هەڵبژێری ؛ ئەوەی لە ئارادایە سات و سەودای ئەم هێز و حزبانەیە بە کورسی یەکانی دەسەڵات و بەشی سەرمایەوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی و قەومی کۆنەپەرست و دژی ئینسانی لە عێراقدا .

خەڵکی شاری کەرکوک هیچ بەرژەوەندەکیان لەم داسەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و سات و سەودای هێزە قەومی یەکاندا نی یە جگە لە شەڕ و کوشتار و نا ئەمنی زیاتر . خەڵکی شاری کەرکوک بە جیا لە ئینتمای میللی یان لە بەرامبەر ئەم سیناریۆی هەڵبژاردن و سات و سەودایە بە ژیان و چارەنووسی خۆیان و شارەکەیانەوە ڕێگای ئەوەیان لە بەردەمدایە لە گەڕەکەکان و شوێنی کاردا نوێنەرانی واقعی خۆیان هەڵبژێرن بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان و بەڕێوەبردنی شارەکەیان ، شارەکەیان لە هەڕەشە و ئاگری شەڕی قومی و سات و سەودای یاوەر و عەلاوی و تاڵەبانی و بارزانی دوور ڕابگرن ، بەشداری هەڵبژاردنێك نەکەن کە لەسەر بنەمای یاری کردن بە ژیان و چارەنووسی ئەوان دەچێتە ڕێوە .